بەهۆی ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەکەی کوت...یانەی بەرشەلۆنە سەرەخۆشی لە گەلی عێراق دەکات



ئەمڕۆ سێشەممە، یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانی سەرەخۆشی لە گەلی عێراق و هاندەرانی لە عێراق کرد لەسەر ئاگری کوت.

لە نامەیەکی سەرخۆشی کە بۆ کۆمەڵەی هاندەرانی لە عێراق نێردراوە، یانەی برشلۆنە ڕایگەیاندووە، "بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە ئەو ڕووداوە وێرانکەرەی کە لەم دواییانەدا لە سەنتەری بازرگانی کوت ڕوویدا پێگەیشت".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "بە ناوی دەستەی بەڕێوەبەری یانەی بەرشەلۆنە، پرسە و سەرەخۆشی لە دڵسۆزی خەمان ئاراستەی قوربانییەکان و کەسوکارەکانیان دەکەین".